دیمانە: هەژار مەموزینی

# ڕێزان ڕێزدار: نەبوونی دەرفەت وا دەکات هونەرمەند بەبێ پرۆژە دەربکەوێت

بە هۆی فرە زاراوەیی لە زمانی کوردیدا چەندین هونەرمەند هەن کە بە شێوەزارێکی دیکە یان زاراوەی ناوچەیەکی دیاریکراو ناسراون لە بواری گۆرانیی وتندا ئەگەرچی بە زاراوەی دیکەش گۆرانی بڵێن، ڕێزان ڕێزدار یەکێك لە هونەرمەندە دیارەکانی باکوری کوردستانە کە بە زاراوەی زازاکی گۆرانی دەڵێ، لە ١٩٦٢ لە شاری کەرەکۆجان (دەپێ) لە باکوری کوردستان لە دایکبووە، بە گۆرانیی (ئاخ وڵاتۆ) ناسرا، خاوەن سێ بەرهەمی هونەرییە، کە سەرجەم بەرهەمەکانی شێوەزاری زازایی و کرمانجی لەخۆگرتووە، چەندین ڤیدیۆ کلیپیشی تۆمار کردووە، هەروەها بەنیازە بەم نزیکانە بەرهەمی کلیپ بۆ یەکێك لەگۆرانییەکانی بکات، لە دەرفەتێکدا گوڵان هەندێ پرسیاری ڕووبەڕوو کردەوە وئەم گفتوگۆیەی لێکەوتەوە

**• سەرجەمی بەرهەمەکانت چەند گۆرانیی زازایی و کرمانجی لەخۆگرتووە؟**

- لە بەرهەمی یەکەمدا، شەش گۆرانیی کرمانجی و شەشیش زازایی،بەرهەمی دووەمیش ١٢ گۆرانیی زازایی و ٢ گۆرانیش بە کرمانجی، بەرهەمی سێیەمیش ٥ گۆرانیی زازایی و٧ گۆرانیش بە کرمانجی.

**• بۆچی ڕێزان زیاتر بەگۆرانیی کرمانجی ناسرا؟**

- تۆمارکردنی گۆرانی بە کلیپ دوای بڵاوکردنەوەی رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ناساندن و هێنانە پێشی هونەرمەند بەتایبەتی لەلایەن جەماوەرەوە، منیش هەڵسام بە کلیپکردنی هەردوو گۆرانیی (ئاخ وڵاتۆ-دلبرینم ) کە بە شێوەزاری کرمانجییە، ئەمەش وایکرد زیاتر بە گۆرانیی کرمانجی بناسرێم، هەرچەندە من زیاتر بە شێوەزاری زازایی گۆرانی دەڵێم.

**• بۆچی دوای بەرهەمی سێیەم وکلیپکردنی گۆرانیی دڵبرینم ڕێزان پرۆژەی هونەری نوێی نییە؟**

- لە دڵی هەر هونەرمەندێکدا پرۆژەی هونەری هەیە،بەڵام نەبوونی دەرفەت وادەکات هونەرمەند بەبێ پرۆژەی هونەری دیاربکەوێت،هەرچەندە من هەوڵم داوە لەو دەرفەتەی لە دەستمدا هەیە، پرۆژەی هونەری پێشکەش بکەم، بۆیە ئێستا لە خۆ ئامادە کردندام بۆ تۆمار کردنی گۆرانییەکی نوێ بە شێوەزاری زازایی.

**• ڕێزان لە کۆنسێرتەکان دا، زیاتر لەگەڵ کامە هونەرمەند جۆش وخرۆش دەگرێت؟**

- من زۆر کۆنسێرتی هاوبەشم سازکردووە بێگومان وەك هەر هونەرمەندێکی ئەو کاتانە خۆشترین کاتن بۆ من،چونکە جۆش و خرۆشییەکی زۆرم بۆ پەیدا دەبێت، پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەگەڵ چەندین هونەرمەندی ناسراو کۆنسێرتم ساز کردووە لەوانە (شڤان پەروەر-فاتێ-جانێ-گروپی سلبوس و تاری-ناسر ڕەزازی) کۆنسێرتم ئەنجامداوە.

**• لە گۆرانیی (دڵ برین) مەبەستت یاخود پەیامی تۆ لەو گۆرانییە چی بوو؟**

- گەلەکەمان دووچاری چەندین نەهامەتی و ئاوارەبوون وکۆچبەری هاتووە،هاوکات زۆر لە هونەرمەند-ڕۆشنبیر-نووسەر. لەبەر نەهامەتییەکان و قەدەغەبوونی زمانی کوردی ڕوویان لە هەندەران کردووە،بۆیە منیش یەکێك لەو کەسانە بووم کە ناچاربووم لەساڵی ١٩٩٠ روو لە هەندەران بکەم، بۆ ئەوەی بەردەوامی بەکاری هونەری بدەم، لە هەندەران هەستم کرد پێویستە ئەوەی لە ناخی مندا هەیە بە گۆرانییەك دەری ببڕم، بۆیە گۆرانیی (دڵ برین)م گوت تا ئەم کەسەر و ئازارانە بەم گۆرانییە بخەمە ڕوو.

**• هەست ناکەیت سەرباری کرانەوەی ئازادی بە رووی کوردان،هونەر لەباکوور جۆرێك لە لاوازی تێکەوتووە؟**

- زۆر بەداخەوە، زۆر لاوازی لەم ڕووەوە هەیە، نە تەنیا لە پێشکەشکردنی گۆرانی، بەڵکو لە پێشکەش کردنی بەرنامە تەلەفزیۆنەکانیشدا، ژمارەیەك کەناڵ هەن گوایە بۆ خزمەت کردنی کورد بەرنامەکانیان پەخش دەکەن، بەڵام ئەم کەناڵانە تەنیا بە رواڵەت وادەری دەخەن کە بۆ کورد دانراون و لە بنەڕەتدا ئەمە گورزێکە لە هونەر و زمانی کوردی دەدرێت.



**• پێتوایە لە ئەمڕۆدا پێویستە چی بکرێت بۆ باشترکردنی هونەری کوردی و پێش خستنی؟**

- یەکەمین گرنگە بۆموزیکی کوردی کۆنسێرڤاتۆرو ئەکادیمیەت بێتە دامەزراندن، بۆ ناسینەوەی هونەری کوردی و جیاکردنەوەی لە هونەری میللەتانی دیکە، دووەمیش پێویستە رێگە لە دیاردەی کۆپی کردنی هونەری بیانی بگیرێت بۆسەر هونەری کوردی،ئەمەش ئەرکی پارت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردین کە دەبێت پێی هەڵسن.

**• هونەرمەندان چۆن دەتوانن لە ئەمڕۆدا بەرهەمی رەسەن پێشکەش بکەن؟**

- پێویستە هونەرمەند لە مێژووەکەی بزانێت و باش بیناسێت، لەبەر ئەوەی لە مێژوودا هونەرمەند و دەنگبێژانمان خزمەتی موزیکی رەسەنی کوردییان کردووە بە هەموو شێوەیەك و لە بارودۆخی زۆر سەخت و ناهەمواردا، بۆیە ئەوان نەبان هونەری کوردی نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە. پێویستە ئەو ئەرك و خزمەتەیان لە بیر نەكرێت و هونەرمەندانی ئێستا هەمان رێچکەی ئەوان بگرنە بەر و هەوڵی پێشخستنی زیاتریش بدەن، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئەگەر لەسەر رێچکەی رەسەنایەتی بڕۆین دەتوانین، زیاتر هونەری کوردی بەرەو پێش ببەین، چونکە ئەمڕۆ زیاتر موزیك پێشکەوتوو ترە لەکوالیتی.

**• دەتویست لەکوێ بژیت؟**

- دڵ دەیەوێت لە کوردستان بژیم، باوەڕکەن ئەم حەسرەتەش لە دڵی هەر کوردێکە نەك تەنیا من،بەڵام من هەمیشە بیر لەژیانی خۆم دەکەمەوە لە سەر خاکی وڵات و لە نێو کەسوکار و خۆشەویستانم، لەبەر ئەوەی هیچ کات ژیانی وڵاتم لەپێش چاو نەچووە، هەرچەندە من تەنیا بەجەستە لە ئەورووپا دەژیم،بەڵام لەخەون و خەیاڵ و بە رۆح لە وڵاتەکەم دەژیم.


**•پێتوایە ئەم کەناڵانەی لە تورکیا بەزمانی کوردی کراونەتەوە،مافیان هەیە بڕیار لەسەر کەلتور و هونەری کوردی بدەن؟**

- ئەوەی زۆر ئاشکرایە و گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە ئەم کەناڵانە، بە زمانێکی زۆر زۆر لاوازی کوردی پەخشی خۆیان دەکەن، هەروەها بە تورکییەکی زۆر خورتیش بیردەکەنەوە، مخابن وەکو یاسا ناتوانم بڕیار بدەم، بۆیان هەیە یان نا کە بڕیار لەسەر فەرهەنگ و هونەری کوردی بدەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت کوردایەتییەکی زۆر چەوت پەیڕەو دەکەن.

# لەسەر نامەیەک ڕێگایان بە مادۆنا نەدا بچێتە سینەما

خانمە ئەستێرەی پۆپی جیهانی مادۆنا لە یەکێك لە هۆڵەکانی سینەما سەرپێچیی یاسا تایبەتەکانی کرد، وەك کاردانەوەیەکیش بۆ ئەم سەرپێچییە بەڕێوەبەرانی هۆڵەکە داوایان کرد کە بەرەسمی داوای لێبووردن بکات ئەگینا ڕێگای پێنادەن جارێکی دیکە بچێتەوە ئەو هۆڵە.

لە کاتی نمایش کردنی فیلمی (12Years a Slave) لە هۆڵی ئالامۆ لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی نیویۆرکی سینەمایی مادۆنا ئامادەی یەکێك لە نمایشەکان بوو، بەڵام لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکە خەریکی نووسینی نامەیەك بوو بە مۆبایلەکە بەمەش سەرپێچیی یاسا تایبەتەکانی هۆڵی ناوبراو بوو، ئەم ڕەفتارەی مادۆنا بووە هۆی توڕە بوونی



# مایا: ناوم خۆی نازناوێکە

مایا دیابی کچە هونەرمەندی لوبنانی رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك نازناو بۆ خۆی دانانێت، چونکە پێی وایە خودی ناوەکەی نازناوێکە و مەسەلەی نازناویش وەك نەریتێك لای هونەرمەندان ماوەتەوە لە هەموو جیهان. مایا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە میدیاکان ڕۆڵیان هەیە لە نازناو بەخشین بە هونەرمەندان بەتایبەتی ئەو نازناوانەی کە جەماوەر پێیان خۆشە کاتێك هەست دەکەن کە ئەو کەسە شایانی ئەو نازناوەیە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسەکە شایانی نازناوەکە نەبێت ئەوا میدیاکان خۆیان گاڵتەی پێدەکەن و لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕاگەیاندنەکان هۆکارێکی سەرەکین بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هونەرمەند، بەڵام هونەرمەندی سەرکەوتوو ڕاگەیاندن ناچار دەکات ڕێزی بگرن، بۆیە پێویستە هونەرمەندان کارێك بکەن کە میدیاکان ناچار بکەن ڕێزیان لێبگرن و نازناوە شیاوەکانیان پێ ببەخشن. دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕێگا بە کچەکەی دەدات لە پاشەڕۆژدا کاری هونەری بکات، ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەك وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە ئەگەرچی تووشی گرفتی زۆر هاتۆتەوە لە ڕێگای هونەرەوە.

# دراوسێکەی تایلۆر چی بۆ کرد

یەکێك لە دراوسێکانی تایلۆر سویفت ڕێگایەکی نوێی دۆزیەوە بۆ بەخێرهێنانی بۆ خانووە نوێیەکەی، ریتشارد مانفریدی جووتیار ژمارەیەك دەنگە گەنمەشامی کۆکردەوە و لە شێوەی گیتارێکی گەوەر پێی نووسی (بەخێر بێی تایلۆر). مانفریدی دوای ئەوەی زانی کە بڕیار وایە تایلۆر خانوویەك لە نزیك ماڵەکەی ئەو بکڕێت لەسەر کەناری دەریا بە بڕی (١٧٧٥٠٠٠٠ دۆلار) بۆ ئەوەی پشووەکانی بەسەر ببات، بۆیە بڕیاریدا بەشێوەیەکی جیاواز بەخێرهێنانی بکات و ئەم ڕێگایەی دۆزیەوە، ئەوەی جێگای سەرنج بوو دوای ئەوەی کارەکەی ئەنجامدا کێڵگەکەی بووە شوێنێکی کراوە و ڕۆژانە بە دەیان کەس سەردانی دەکەن، بۆیە مانفرید ئەم دەرفەتەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی بڕێك پارەی دەست بکەوێت لەبەرئەوە هەرکەسێك حەزی بکردایە گەنمەشامییەکان ببینێت پێویستە ٨ دۆلار بدات، بەپێی ماڵپەڕی (The Sacramento Bee) مانفرید بە هاوکاریی ٣ کەس دراوسێیەکانی توانی ئەم دەستەواژەیە بنووسێت.

شایانی وتنە تایلۆر زۆر دڵخۆش بوو بەو هەنگاوەی مانفرید، ئەم خانووە نوێیەی تایلۆر لەسەر ڕووبەری ٥ دۆنم دروستکراوە و لە ٥ ژووری نوستن پێکهاتووە و دەکەوێتە ڕووبەڕووی دەریا.





# بیرکول ئاگری لە تورکەکان بەردا

کچە ئەستێرەی سینەمایی تورکی بیرجوزار کۆریل کە بە دادوەرە بێ وێنەکە ناسراوە لە زنجیرە دراما تورکییەکان لە یەکێك لە نمایشەکانی جلوبەرگی دیزاینەری تورکی ئۆزجر ماسۆر ئامادەبوو و سەرنجی هەموو ئامادە بووانی بۆ خۆی ڕاکێشا. پاڵەوانی زنجیرەی (قبچای) کە ئێستا نمایش دەکرێ بە جلێکی ڕەشی سەرنجڕاکێش کە بەشێکی زۆری سینگی کرابۆوە و مکیاژێکی سیحراوی جوانی بەکارهێنابوو وێنەگرەکانی ناچار کرد کە رووی زوومی کامیراکانیانی لێ بکەن و بە وێنەکانییەوە خەریك بن، هاوسەری ئەکتەری ناوداری تورکی خالد ئەرگنش لە وەڵامی پرسیاری یەکێك لە ڕۆژنامەنووسان دەربارەی هۆکاری سەرەکیی زەردەخەنە بەردەوامەکەی و ڕاستیی نەشتەرگەریی جوانکاری وتی: ئەم کارە بۆ ساڵ و نیوێك بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە کاتێك نەشتەرگەریی ددانم ئەنجامدا، چونکە هەر لە منداڵییەوە بە دەست گرفتێکی ددانم دەناڵاند و لە تەمەنی نۆ ساڵی ددانم شکا و پڕم کردەوە، بەڵام دووبارە تێکچووەوە، بۆیە پزیشك ئامۆژگاری کردم بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری نەوەك زەردەخەنەکەم لە دەست بدەم، منیش وەك زۆربەی ئەکتەرەکان لە دەرەوەی تورکیا نەشتەرگەریم ئەنجامدا و زۆریش سەرکەوتوو بوو.



بەڕێوەبـــەری جێبەجێـــکاری هۆڵەکان، بۆیە یەکســـەر بڕیارێکی دەرکرد بە ڕێگا نەدان بە مادۆنا بۆ ئامادەبوون لە هەر نمایشـــێکی ســـینەمایی کە هۆڵەکانی ســـەر بەئەوان نمایشـــی دەکات، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو ئاگادارکردنەوەیەکی ئاراســـتەی مادۆنا کرد کە پێویستە بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای لێبوردن لەو کەسانە بکات کە دەچنە هۆڵەکانی سینەما بۆ بینینی فیلمەکان ئەگینا بە هیچ شـــێوەیەك بۆی نییە ئامادەی نمایشە سینەماییەکان بێت و لە پەیجی تایبەتی خۆی نووسیبووی (قەدەغەیـــە مادۆنا بچێتە هۆڵەکانی ئالامو تا داوای لێبوردن لە ئارەزوومەندانی سینەما نەکات.

شایانی وتنە یاساکانی ئالامۆ زۆر توندن دەربارەی نووسینی نامەی یان قســـە کردن بە مۆبایل لە کاتی نمایش کردنی فیلمەکان و ئەوەی ســـەرپێچی بکات سەرەتا ئاگاداری دەکەنـــەوە ئەگەر دووبارەی کـــردەوە ئەوا دەری دەکەن و ڕێگای پێ نادەن جارێکی دیکە ئامادەی نمایشـــەکان بێت.

# هونەرمەندانی میسر سەبارەت بە کوردستان چی دەڵێن؟

بۆ ماوەی هەفتەیەك شـــاری هەولێر سێیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی لە باوەش گرت بە بەشـــداری ١٣ وڵات، دوو ســـاڵ پێش ئێستا ئەم فیستیڤاڵە بۆ یەکەم جار لە هەولێر ساز کرا و لەو کاتەوە وەك فیستیڤاڵێکی ساڵانە بڕیاری ئەنجامدانی درا، هەر بۆیە ساڵانە لەرووی بەشداریی تیپ و گروپ و کەســـایەتییە هونەرییە ناودارەکانی بواری شانۆ، بەرفراوانیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت و گروپی زیاتر بەشداری دەکەن و ژمارەی نمایشەکانیش زیاتر دەبن، ئەم ساڵ ١٣ وڵات بەشدار بوون سەرەڕای بەشداری ژمارەیەکی زۆری ئەکتەرانی وڵاتی میسر کە وەك میوان هاتبوون لەوانە عەلی بەدرخان، فاروق ئەلفیشـــاوی، ســـەفیە ئەلعومەری، کەریم عەبدولعەزیز، وەفا عامر، ئایتن عامر، ئینتیسار، سامی مەغاوری، وەفا ئەلحەکیم و سامح سریتی و بڕیار بوو هەریەکە لە ئیلهام شاهین و ســـەمیر غانم و مەعالی زایدیش بەشداری بکەن، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك نەیانتوانی ئامادە بن، ئەستێرەکانی میسر سەرسامیی خۆیان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوایان خواست ئەم سەردانانە بەردەوام بێت و ئەمەشیان بە دەستپێکێکی باش زانی، هەروەها پرۆتۆکۆلێکی هونەری لەنێوان ســـەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکا پیشەکانی نواندنی میسری ئیمزا کرا بۆ هەماهەنگیی زیاتری نێوانیان، لەم راپۆرتەدا راو سەرنجی ژمارەیەکیان دەخەینە روو.

فاروق ئەلفیشـــاوی ئەســـتێرەیەکی ناوداری سینەما و تەلەفزیۆنی میسرییە ولەبەر ئەوەی تەمەنێکی زۆری لەو بوارەوە بەسەر بردووە لەلایەن کوردیش ناسراوە، ئەلفیشاوی خۆشـــحاڵیی خۆی بەو ســـەردانەی دەربڕی و ستایشی کورد و هەرێمی کرد بۆ ئەو ئاوەدانییەی هەرێم بەخۆیەوە دەیبینێت و هەنگاوەکانی بە سەرکەوتوو و ئیجابی وەسف کرد بەرەو دوارۆژێکی پڕشنگدار.

لەبواری هونەریش فاروق ئەلفیشاوی پشتگیری و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر کارێکی هاوبەشی میسری-کوردی لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەو خۆشەویستی و پێشوازییە گەرمەی کە لێمان کـــرا زیاتر هانیدام بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەریـــی گونجاو و شـــایەن بە هەردوو لا و پێویســـتە بە هەموومـــان ئەو رێز و خۆشەویســـتییەی لەنێوان هەردوو لا هەیە بقۆزینەوە بۆ دروســـتکردنی پەیوەندییەکی بەهێزتر و پتەوتر کە سوودی بۆ هەردوو لا هەبێت، سەبارەت بە کاری هاوبەشـــی هونەریش وتی: دڵنیام مـــن دەتوانم ڕۆڵی تێدا ببینم ئەگەر بە زمانی کوردیش بێت، چونکە پێموانییە ئەمە بۆ من کارێکی زەحمەت بێت و راشیگەیاند ئێستا سەرقاڵی خوێندنەوەی سیناریۆی فیلمێکی نوێیە، بەڵام تا ئێستا رای خۆی دەرنەبڕیوە.

ســـەفیە ئەلعومەریش یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی میسر و زیاتر لە ســـی ساڵە بەشـــێوەیەکی بەردەوام لە شاشەکان دەردەکەوێت، هەروەها بە یەکێك لە پاڵەوانەکانی تەلەفزیۆن ناسراوە و تا ئێستا ڕۆڵی نازك سەلحدار لە زنجیرە درامای (ليالي الحلمية) بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە ژیانی هونەریی ســـەفیە و بۆ ماوەیەکـــی دوور و درێژ کاریگەریی لەســـەری





بینەری عەرەبی دەبێت، چونکە بە یەکێك لە ئەفسانەکانی بواری درامای کوردی دادەنرێت و زۆربەی میسـرییەکان خۆیان لـەم زنجیرەیەدا دەبیننەوە، ئەلعومەری کە ئێستا باڵیـۆزی نیازپاکییە و لە بواری دایکایەتی و منداڵان کار دەکات دەربارەی ئەم سـەردانەی بۆ کوردستان دەڵێ: ئەمە یەکـەم سـەردانی منە بۆ هەرێمی کوردسـتان و هەر لەم سەردانەدا کوردسـتان و گەلەکەیم خۆشویست و بەو رێز و پێشـوازییەی لە من کرا بۆم دەرکەوت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان من دەناسـن و ئاشنای کارەکانی منن، هەروەها من زانیاریم دەربارەی مێژووی میللەتی کورد هەیە، ئەوەی من تێبینیم کرد ئەم میللەتە حەز بە ژیانێکی ئارام دەکات، بۆیە من گەشبینم بە دواڕۆژی هەرێم و ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری هونەری و فەرهەنگی و ئاوەدانی هاتوونەتە دی نیشانەی دواڕۆژێکی گەشـن، ئەمەش هانمان دەدات بۆ ئـەوەی لە بواری هونـەری پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لە نێوان میسر و کوردستاندا دروست بکەین، چونکە ئێستا بۆ هەردوو لامان ئەمە کارێکی پێویستە.

وەفـا عامـر و ئایتنی خوشـکی دوو میوانـی دیار و بەرچاوی سێیەمین فیسـتیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بوون و هەمیشە بە زەردەخەنەوە لە نمایشەکاندا دەردەکەوتن، وەفا خۆشەویسـتی خۆی بۆ هەولێر نەشـاردەوە و وتی: بۆ من زەحمەتە بە تاقە سـەردانێك تێنوویەتیم بەو شـارە بشکێت، مـن یەکەم جارە هەولێر ببینم، بەڵام لە ئەو پەڕی جوانی و گەنجێتیدا دەیبینم و هەست دەکەم چەندین ساڵە لەو شارەدا دەژیم بۆیە حەز دەکەم ئەم سەردانەم دووبارە ببێتەوە، کاتێك بە شەقامەکانیدا دەگەڕام هەستم بەوە نەدەکرد کە بێگانە بم، بە پێچەوانەوە هەستم بە خۆشەویستی و ئەمن و ئاسایش و سـەقامگیرییەکی زۆر کرد، وەفا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کەسـانێك ئاگاداریان کردبۆوە بـەوەی نەچێتە هەولێر، لەم بارەیەوە وتی: بەو کەسـانە دەڵێم زۆر لێتان تورەم، چونکە من نەچوومەتە شوێنێك کە ناسەقامگیر بێت بگرە لە زۆر ئەو وڵاتانە سەقامگیرترە کە ئێمە سەردانیان دەکەین.

(ئایتـن)ی خوشـکە بچووکەکەی وەفاش بەم شـێوەیە دەربارەی هەولێر دوا: هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم بەم سەردانەم بۆ هەولێر و بۆم دەرکەوت کە گەلی کورد دۆست و میوان دۆسـتە، گەلی کوردم زۆر خۆشدەوێت و زۆریشم دەربارەی مێـژووی ئەم میللەتە کۆڵنەدەرەم خوێندووەتەوە و دڵنیام پاشـەڕۆژی گەشە، من شارەزاییەکی زۆریشم هەیە بەتایبەتی ئەو کارەسـات و مەینەتیانەی تووشـی هاتووە بـە درێژایی مێژوو، بۆیە لە دڵەوە حەزم دەکرد سـەردانی شـاری هەڵەبجە بکەم و لە نزیکەوە مینۆمێنتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە نزیکەوە ببینم.

خانمە هونەرمەند ئینتیسـار یەکێك بـوو لە میوانەکانی فیستیڤاڵی هەولێر دەڵێ: میللەتی کورد وڵات و نیشتمانی خۆی خۆشـدەوێ، بەر لە ماوەیەك سـەردانی بەغدام کرد هەر لەو کاتەوە زۆر حەزم کرد سەردانی کوردستانیش بکەم بۆیە بەم سەردانە زۆر خۆشحاڵم و هیوادارم کاری هونەری هاوبەش لە نێـوان ئێمە و هونەرمەندانـی کورددا هەبێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر میسری لە کوردستان دەژین و زۆر کوردیش لە میسر نیشتەجێن.

شایەنی وتنە لە سەروبەندی فیستیڤاڵەکە پرۆتۆکۆلێکی کاری هاوبـەش لەنێـوان سـەندیـکای هونەرمەندانی کوردسـتان و سـەندیکای پیشـەکانی نواندنی میسری لەلایەن نیاز نـوری نەقیبی هونەرمەندانی کوردسـتان و سامح سـریتی بریکاری یەکەمی سـەندیکای پیشەکانی نواندنی میسر ئیمزا کرا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندی هـەردوو لا، لە ئاهەنگـی کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵیشدا خەڵات بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا و رێز لە هونەرمەندانی میسـری گیرا لەلایەن سەندیکای هونەرمەندانـی کوردسـتانەوە، هەروەهـا هونەرمەندانی میسریش خەڵاتی تایبەتیان پێشکەش بە وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کرد.

